# مودێلێکی نوێی جاشایەتی

## واژۆ /عەبدوڵلا ئەحمەد حەمید

سەرچاوە: هەواڵ

دیارە جاشایەتی هەمیشە لەکوردا نەبڕاوەتەوە، ئەگەر خەڵکانێك تا دوێنی کاسەلێس و جاشی رژێمی تۆتالیتارزمی بەعس بوونە، ئەوا لەئێستاشدا مەخابن بەتەرزو شێوەیەکی تر جاشایەتیان هێناوەتە گۆڕێ، ئەمجارەیان پاڵەوان ئاسا ئەوانەی کە خۆیان ناونوسکردوە تا پلەو ئیمتیازاتیان پێبدەن زۆر بێ شەرمانەو بێ گوێدانە پێوانەکانی ئەخلاقی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی ئەوەتا لەئێستادا بەفەرمانێکی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراق سەدان کەسی وەك بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین کردوە ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکی خورماتوش بۆ ئەو پلەیە خۆیان ناونوسکردوەو ئەمەش دوای ئەوە دێت کە نوری مالکی دەیەوێت لەهەندێ ناوچە سونەنشینەکان ئەنجومەنی پاڵپشتی (مجالس ئیسناد) دروست بکات و ئەم کارەش هەر زوو حیزبە کوردیەکانی سنوری قەزای خورماتوو ئەم کارەیان بەکارێکی نەشێواو جاشایەتی لەقەڵەمدا، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە کەوا چەندین کەسی بەرپرس و خزمی نزیکی بەرپرسەکان خۆیان ناونوسکردوە تا لەو ئیمتیازاتە بێ واتایە نانوسبکرێن بە بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین بکرێن .

بۆیە پێویستە لاسەر لایەنە کوردیەکان لەمەڕ ئەم بابەتە هۆشیاربن ، چونکە ئەم هەنگاوە کە لەئێستادا دژ بەکورد کراوە، لەوانەیە سبەینێ لەکەرکوك و ناوچەکانی دیالەش سەر هەڵبداتەوە، لەبەر ئەوەی حکومەت گەر بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی کەسێك خانەنشین بکات لەوانەیە سبەینێ فەرمانی پێ بکات بەوەی کەوا لەنێو عەشیرەتەکەیدا هێزی چەکدار بەکوردەکان دروست بکات. ئەم سیاسەتە چەوتەی کە پەیرەو دەکرێت بەبڕوای من کۆنسێپتێکی نوێیە دژ بەکورد بەتایبەت لەناوچە دابڕاوەکان بەڕێوە دەچێت، ئەگەر ئەمڕۆ لەقەزایەکی وەکو دووزخورماتوو سەری هەڵداوە ئەوا سبەینی تەشنەی پێدەکرێت بەناوچەکانی تریشدا.

ئەوەی کە من ئاگاداریش بەم لەئێستادا ئەم مەسولەی مجالس ئیسنادە گۆبەندێکی گەورەی لەنێوان عەشیرەتەکان دروستکردوە، لەقەزای خورماتوو ئەمەش دوای ئەوە دێت کەوا هەر عەشیرەت و بەگوێرەی زۆری ژمارەیان کەسیان بەردەکەوێت کەوا ئەم مجالس ئیسنادە بیانگرێتەوە شەڕەکەش لەسەر ئەوەیە هەر عەشیرەتە و هەوڵدەدات پشکێ لەو خانەنشین کردنەی بۆ زیاتر بکرێت و لەگەڵ ئەمەشدا هەر لەنێو خودی عەشیرەتەکاندا مونافەسیەك دەستی پێکردوەو هەر کەس بەلای خۆیدا رایدەکێشێت بەوەی کەوا ئەو دەڵێت با ناو من بنوسرێت و ئەو دەڵێت با ناوی من بێت. بۆیە پێویستە لەسەر لایەنە کوردیەکانی قەزای خورماتوو هەڵوێستی پۆزەتیڤی کوردانەی خۆیان بنوێنن لەمەڕ ئەم مۆدێلە نوێ جاشایەتیەی کە لەئێستادا سەری هەڵداوە.